تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

باڵەکۆلارە

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

(چۆن ناوەکوردی بنووسین ۱۰۲)

حسن صلاح (سۆزان)

www.iqra.ahlamontada.com

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافي)

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

www. iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

www.iqra.ahlamontada.com

باڵەکۆلارە

(چـۆن نـامەبەکوردی بنـووسـین ؟ ٥)

حسن مــلاح (سۆران)

www.iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

شناسنامه کتاب :

اسم کتاب	: باڵەکۆلارە
نویسنده	: حسن صلاح (سۆران)
ناشر	: نویسنده
تیراژ	: ۲۰۰۰
تاریخ چاپ	: ۱۳۷۱
چاپخانه	: جهان نما
حروفچینی	: آی - بی - ام محمد طهماسبی
قطع	: رقعی
چاپ	: اول
صحافی	: جهان نما
لیتوگرافی	: دریا

www.iqra.ahlamontada.com

بە ناوی خودای زانا

—.—.—.—.—.—

سەرەتا

خوێنەرانی خۆشەویست ! . زۆرکەس نامە بۆمن دەنووسن کە کوردی چۆن بنووسین یا نامەی کوردی چۆن ئاراستە بکەین. زۆر کەسی واش هەیە کە دەیەوێ بە زمانی کوردی نامە بنووسێ، بەڵام ڕێوشوێنی نازانێ .

منیش بۆ ئەوەی کە یارمەتی ئەو چەشنە کەسانە بدەم، ئەم کتێبەم نووسی، کە ببێتە ڕێنوێنی بۆ ئەو کسانەی کە کوردی نووسین باش نازانن ، بەڵام دەیانەوێ بە زمانیکوردی نامە بنووسن . بۆیە ناوی کتێبەکەشم نا " باڵە کۆلارە"، واتە وەک باڵی کۆلارە کە پڕە لە پەڕ، ئەمیش پڕە لە پەڕی نامە، کۆلارەش دەزانین کە پەلەوەرێکی زلە وەک هەڵۆ.

زۆرجاریش دە بینین ، کە لە خاڵبەندی نامە یاکتێب داچەند ئاڵۆزیەک ، لە نێو نووسەراندا هەیە ، بەشی خاڵبەند- یشم بۆ ئەوە نووسی، کەلەم ڕێبازەدا کەڵکی لێ وەرگیرێ، بۆ وێنە زۆر لە نووسەران لە دووای دانانی چوکڵە (،) دێنن پیتی (و) بە چەشن وبە گوێرەی وشەی گرێ (عەتف) دادەنێن، کە ئەمە دروست نیە . چون دوای چوکڵە پێووست بە(و) وی گرێ نیە . بۆ وێنە ئە ڕستەیە دروستە :

– " من دەڵێم، بەڵام ئەو گوێ شل ناکا". بەڵام ئەگەر بنووسین " من دەڵێم، و بەڵام ئەو گوێ شل ناکا". دروست نیە . دەبێ ئەمەش عەرز بکەم، کە ئە کتێبەم لە سە ر دڵو خوازی

www.iqra.ahlamontada.com

باڵە کۆلارە

سەروەری زانا و خۆشە ویستم کاک تاها فەیزی زادە نووسی، کە لە نامەیە کدا نووسیبووی کتێبێکی وا زۆر پێویستەو دەبێ تۆ ئەو کارە بکەی، منیش قسەکەی کاک تاها زۆر لە دڵم کەوت و ئەم کتێبەم نووسی، کە بە هیوام بە خشڵی سەرنجی خوێنەران بڕازێتەوەو کەموو کوڕیەکانی پڕکەنەوەو تەکمیلی کەن .

حسن صلاح (سۆران)

تاران – ۱۳۷۱

تهران : صندوق پستی ۱۵۸۷۵/۱۱۳۷
حسن صلاح (سۆران)

www.iqra.ahlamontada.com

بەشی ١ خاڵبەندی

خاڵبەندی واتـــــــەعەلامەتدانان لە نووسینی کوردی دا ،مەبەستێکی فرە گرنگە ، ئەم کارە لە تەواوی زمانەکانی دیکەش دا ، دەکرێ . خاڵبەندی لەڕاستی دا هەر ئەو حاڵەتانەیە، کە لە خوێندنەوەی مەبەستێک دا لەبەر چاوی دەگرین ، بۆ وێنە کاتێک دەقێک یا هۆنراوەیەک دەخوێنینـــەوە، لە هێندێک جێگەی دا مەکس دەکەین ، لە هێندێک جێگەدا بە حـــاڵـــەتـــی پرسیار دەیخوێنینەوە و زۆر حاڵەتی دیکە لە بەر چــاو دەگرین ، دەنا خوێندنەوەکەی ئێمە بۆ بیسەر شتێکی بێ مانا یا تاریک ونا وازیح دەبێ . بۆ وێنە ئەگەر مەبـــەستێکـــی پرسیاری بە چەشنی خەبری بڵێین، خوێنەر لێی تێک دەچێ .

نووسین یش هەر وایە. بۆ وێنە دەبێ لەو جێگەیـــەدا ، کە خوێنەر دەبێ مەکسێکی چکۆلە بکا ، دروشمی (،)یان"چوکڵە" دادەنێین و لە جێگەیەک دا کە خوێنەر دەبێ حاڵەتی پرسیـــار بە خۆی بگرێ ، دروشمی (؟) یان " پرسیار" دادەنین ، لـــە ڕاستی دا ، کەسێک کە مەبەستێک دەخوێنێتەوە، دەبێ بۆ حاڵی۔ بوونی بیسەر ، ئەو حاڵەتانەی سەرەوە لە بەر چاوبگرێوکەسێک کەمەبەستێک دەنووسێ ، دەبێ بۆ حاڵی بوونـــــی خـــوێنەر ، خاڵبەندی بکا .

خاڵبەندیش وەک تەواوی زانستگەلی دیکـــــە ڕێو شوێنی تایبەتی هەیە، کە لم بەشەدا ، باســـی دەکەم:

١ ـ ڕستە (جوملە): بەمەدەڵێین کە لە نێوان دوو دانە(.) نوختەدا قەار بگرێ ، بۆ نموونە ئەمانە ڕستەن : "پیاو نابێ بترسێ". "هەر ترسانیک مەرگێکە" ،لیرەدا ،ڕستەی

www.iqra.ahlamontada.com

". هەر ترسانێک مەرگێکه."،که له نێوان دوو دانه نوختەدایه، هەروەک لە ناوەکەی دەردەکەوێ ڕستەیه کە. دیاره جاری واش هەیه کە ڕسته لە هەوەڵی کەرت (پاڕاگڕاف)ەوە، دەستی پێ دەکا، کە لەو حاڵەتەدا، فەقەت ئاخرەکەی نوختەیەیان جاری وا هەیه، لەپاش (:) "دوونوختە" دەستی پێ دەکا، کە لەم حالەتەش دا، لە ئاخریەکەی دا، نوختە دادەنێن. بۆ وێنه " : پیاو نابێ بترسێ." ڕستەیەکە. پەس بۆمان ڕوون بووەوە، کە :

ئـ ـ لە ئاخری هەر ڕستەیەک دا دەبێ نوختەیەک دابنێین، مەگەر لە هێندێک جێگە، کە دوو نوختەی دەوێ .

ب ـ هەوەڵی ڕستە دەبێ یەکێک لەمانەی خوارەوە بێ :

- هەوەڵی پاڕاگڕاف (کەرت)
- دوو نوختە (:)
- نوختە (.)

٢ ـ لەتە ڕستە (عیبارەت): بریەتیه لە بەشێک یا بەشگەلێک لە ڕستە. لەنێوان لەتە ڕستەکان دا، دووروشمی(،) چوکڵه" یا (؛)" چوکڵه و نوختە" یان دێڕی (—) درێژو (-) " دێری کورت " دادەنێن :

- لە کاتێکدا لە نێوان لەتەڕستەدا چوکڵه دادەنێن، کە مەکسێکی چکۆلە پێوویست بێ، وەک ئەمە: " کێوی کەماجار بەرزە، بەڵام کێوی شاهۆ لەو بەرزترە" کە لێرەدا، "کێوی کەماجار بەرزە" نیوە ڕستەیه ولە پاش وشەی " بەرزە"، لە جێگەی چوکڵه کەدا، مەکسێکی چکۆلە دەکەین، جا دوای ئەوە نیوە ڕەستەکەی دیکە واته " بەڵام شاهۆ لەو بەرزترە" ـ دەخوێنینەوە.

www.iqra.ahlamontada.com

- لە کاتێک دا لە نێوان لەتەرستەدا ، چوکلە و نوختە دادەنێن ، کە مەکسێکی نەختێک درێژتر دەکەن ،وەک سەمە: "نالی هونەریکی زۆر بەرزبوو، وەفاییش هۆنەریکی زۆر بەرز بوو. کەلێرەدا ، لەتەرستەی" نالی هۆنەرێکی زۆر بەرز بوو"، بە هۆی چوکلە و نوختە، لە لەتە رستەی دوایی واتە" وەفاییش هۆنەریکی زۆر بەرز بوو" جوێ کراوە تەوە ،کە دەبێ لە کاتی خوێندنەوەدا ، مەکسێکی برێک درێژتر بکەین ، کە لە مەکسی چوکلە درێژتربێ ، بەلام لەمەکسی نوختە کورت تر بێ .

- لەکاتێک دا لە نێوان لەتە رستەکان دا دێری درێژ دادەنێن، کە لەتە رستەی دوایی درێژەیەکی نەپساوەوەی لەتە رستەی پێشی بێ ، وەک : " مەم، زین خۆشی دەویست - زین عاشقی مەم بوو." کە دێریکی درێژ دوو لەتە رستەکەی لەیەک جوێ کردوەتەوە.

- لە کاتێک دا لە نێوان لەتە رستەکان دا دێری کورت دادەنێن ، کە ئاخری دێر (خەت) بێ و رستەکە تەواو نەبێ و وشەکە بکرێ بە دوو لەتەوە، وەک : داستانی خەج و سیامەند- یان دەماودەم دەگێراوە . کە لێرەدا چون وشەی" سیامەندیان" لە دێرێک دا تەوا نەبووە، لەتکراوەو بە هۆی دێری کورت بە یەکەوە نووساوە.

٣ - رستەی پرسیار: بەمە دەلێن کە پرسیارێک لە رستەکەدا بێ. بۆ رستەی پرسیار دروشمی پرسیار (؟) دادەنێن و لە دوای ئەو نوختە یەیک ، بەم چەشنە (؟.)،وەک " هەویری مەیان شێلا مەلایک ؟".

٤ - رەستەی سەرسورمان : بەمە دەلێن کە مرۆڤ بەسەر سورمان یان بە هاوارکردنەوە شتێک بلێ، وەک : "بەخودا ئەم عیسانە شتێکی عەجایەبە! یان " دەک مالت بە قور نەگیرێ بۆ خەتت ، دەلێی قرژالە!." کە لە رستەی هەوولّ دا سەر سورمانی

www.iqra.ahlamontada.com

تێدایە و لە ڕستەی دووهەمدا هاوار وفریاد. هەر وەک دیمان بۆ ئەم چەشنە ڕستانە، دورشمی سەرسوڕمان(!) دادەنێین ولە دوای ئەو نوختەیەک (!.).

٥ ــ کەرت (پارگراف): ئەمەیە کە مەبەستگەلی جیاواز بە جوێ بنووسین . بۆ وێنە لە نامەیەکدا ، لە کەرتی هەوڵ دا ، هەواڵپرسی دەکەین ، لە کەرتی دووهەمدا خەبەری سڵامەتی خۆمان ڕادەگەیێنین ، لە کەرتی سێهەمدا مەبەستی ئەسڵی دەنووسین ، لە کەرتی چوارەمدا ، نامەکە دا دەکوژێنین . بۆ دروست کردنی کەرت و چەشنی ئەو، یا ساگەلی جۆربەجۆر هەیە ، بەم لەونەی خوارەوە:

ئ ــ نزیکی دوو سانتیمتر سەری دێڕەکە بەجێ دەهێڵن و دەستی پێ دەکەن :

چاویان بۆ عەقڵ داناوە. هەرچیەکمان بیست دەبێ تا بەچاوی خۆمان نەبینین بروا نەکەین ، چون خەڵک زور شت دەڵێن ، کە هیچی وانیە ، جاری واش هەیە نابێتەنیا بە بیستن ودیتن باوەڕ بکەین ، بەڵکە دەبێ دەسیشی لێ دەین .

خەودیتن زۆر شتێکی عەجایەبە ، زۆرکەس کەمتر خەو دەبینن ، بەڵام زۆر کەس هەمو شەوێک خەو دەبینن ، لە ڕاستی دا پێت وانیە کە خودی ژیانی ئێمەش هەرخەوبینیە؟.

ب ــ فەقەت لەباری ئاسۆیی یەوە مەوادای بۆ دادەنێن ، وک :

دەیانگوت کە ساڵی هەشتاوهەشتەکە ، هێندە گرانی بوو ، کە خەڵک هیچیان نەبووە بیخۆن ، زۆر جارد چوون لە کێو بەردە ئاهەکیان دەخوارد .

www.iqra.ahlamontada.com

ئەوەندە خەڵک شتی خراپیان خواردبوو کە نەخۆشی تاعوون هاتبوو. دەیانگوت خەڵک وەک گەڵای دار دەمردن و دەکەوتن بەسەر یەکەدا . کەس نەبوو، کە کەس لە قەبرێنێ . خەڵکیان دەخستە چاڵە قووتی دەستەجەمعیەوە.

٦ – وەزر (فەسڵ) : هەرووەک دەزانین لە چەندین کەرت و لاپەڕە ، فەسڵ یا وەرز پێک دێ . وەرز زیاتر لە نووسینی کتێب دا بە کار دەبرێ .

٧ – بەرگ (جەڵد) : لە چەند وەرز، بەرگ پێک دێ و کتێبی واش هەیە کە لە چەند جەڵد پێک هاتووە، وەک کتێبی (مشاهیری کرد) نووسراوی بابا مەردوخی ڕۆحانی (شیوا) کە لە چەند بەرگ پێک هاتووە.

www.iqra.ahlamontada.com

چەمبەندی مەبەستی خاڵبەندی

١ ـ وتار لە پیت پێک هاتووە، وەک پیتی "ئ".
٢ ـ بەش لە چەند پیت پێک هاتووە، وەک "سە".
٣ ـ وشە لە چەند بەش پێک هاتووە، وەک "ئەسەد".
٤ ـ لەتە ڕستە لە چەند وشە پێک هاتووە، وەک "ئەسەد شێرە".
٥ ـ ڕستە لە یەک یا چەند لەتە ڕستە پێک هاتووە، وەک: "ئەسەد شێرە، شێری جەنگەڵ" یا "ئەسەد شێرە".
٦ ـ کەرت لە چەند ڕستە پێک هاتووە، کەمجاری واش هەیە کەرت تەنیا لە ڕستەیەک پێک دێ.
٧ ـ وەرز لە چەند کەرت پێک هاتووە.
٨ ـ بەرگ لە چەند وەرز پێک هاتووە.
٩ ـ زۆرکتێبی واش هەیە یەک بەرگە ـ هی واش هەیەچەند بەرگە.

دورشمی خاڵبەندیش بەکورتی ئەمانەن:

١ ـ نوختە (.).
٢ ـ چوکڵە (،)
٣ ـ چوکڵە ونوختە (؛).
٤ ـ دورشمی پرسیار (؟).
٥ ـ دورشمی سەر سوڕمان (!)
٦ ـ دوونوختە (:) ،بۆ ئەوەیە کە نیشان بدەین لە خوارەوە دەمانەوێ شتێک بنووسین، وەک: قەت ئەم کارانە مەکە:

ـ دزی ـ درۆ.

www.iqra.ahlamontada.com

٧ ـ نەقڵی قەول (״) : کە قەولی کەسێکی دیکە نەقڵ دەکەین ، وەک شاعیری مەزن سەیف دەفەرموێ " بە کوتە شانا ن گەلان دەمێنن بە میرومەزنا ن شا ن دەشەکێنن " .

٨ ـ پارانتێز ( ) : کە شتێکی تێدا دەنووسرێ ، تەوزیحی بەشی پێش پارانتێزە کەیە : وەک : هەرێم وانە (دەرس) دەخوێنێ .

٩ ـ مومەیز / : بۆ ئەوە بەکار دەبرێ کە هی پاش مومەییز یا پێش مومەییز خەت بکێشی یا هیچیان خەت نەکێشی، وەک :

ـ خوشکە ڕووناک :

ـ خوشکە ڕووناک / کاک سەردار

www.iqra.ahlamontada.com

ئەلفوبێی کوردی

پیتەکانی ئەلفوبێی کوردی بە پێی ڕێنووسی تازە ئەمانەن :

ئ : کە بریەتیە لە (ا) . بو نووسینی (آ)ی فارسی لە کوردی دا (ئا) بەکار دەبەن

ب : کە بریەتیە لە (ب) فارسی

پ : کە بریەتیە لە (پ) فارسی

ت : کە بریەتیە لە (ت) فارسی

ج : کە بریەتیە لە (ج) فارسی

چ : کە بریەتیە لە (چ) فارسی

ح : کە بریەتیە لە (ح) فارسی

خ : کە بریەتیە لە (خ) فارسی

د : کە بریەتیە لە (د) فارسی

ر : کە بریەتیە لە (ر) فارسی

ڕ : کە بریەتیە لە (ڕ) قەڵەو ، وەک "درۆ"، کەبە مانای " دڕک " یا " خار"ە

ز : کە بریەتیە لە (ز) فارسی و ذ ، ض و ظ

ژ : کە بریەتیە لە (ژ) ی فارسی

س : کە بریەتیە لە (س) ی فارسی و ث وص

ش : کە بریەتیە لە (ش)ی فارسی

ع : کە بریەتیە لە (ع)ی فارسی

غ : کە بریەتیە لە (غ)ی فارسی

ف : کە بریەتیە لە (ف)ی فارسی

ڤ : کە بریەتیە لە (v) فەڕانسە ، وەک حەڤدە

ق : کە بریەتیە لە (ق)ی فارسی

www.iqra.ahlamontada.com

ک : کە بریەتیە لە (ک) فارسی

گ : کە بریەتیە لە (گ) فارسی

ل : کە بریەتیە لە (ل) فارسی

ڵ : کە بریەتیە لە (ڵ) قەڵەو، وەک" گوڵ".

م : کە بریەتیە لە (م) فارسی

ن : کە بریەتیە لە (ن) فارسی

و : کە بریەتیە لە (و) فارسی

و : کە بریەتیە لە (و) وی قەڵەو، وەک " چۆم" ،واتە چەم یا ڕووبار.

ھ : کە بریەتیە لە (ھ) ی فارسی

ە : کە بریتەتیە لە(ـە) ی فارسی، وەک "سەر"و"خەفەت"

دیارە پیتی (ە)قـەت لـە ھەوەڵی وەشەوە نایە .

ی : کەبریەتیە لە (ی) ی فارسی .

ێ : کە بریەتیە لە (ێ) ی قەڵەو ، وەک " شێر" کەواتە شێری جەنگەڵ .

www.iqra.ahlamontada.com

بەشی ٣ ئـولگوی نامەكان

خۆشەویستان! لێرە دا دێینە سەر نیشان دانی نموونەی نامەكان بە زمانی كوردی: دیارە هەروەك دەزانین، دەتوانین نامە بە شێوەی جۆر بە جۆر بنووسین. بەڵام من لێرەدا، ساكارترین ئولگوی نامەكانتان پێشكەش دەكەم.

١ ـ نامەی مامۆستا بۆ قوتابی:

بەناوی خودای زانا ١٣٧١/٨/١١

بۆكوڕی خۆشەویستم كاك زانیار.

لە دوای سڵاو، لە دوورەوە ئەو كوڕەخۆشەویستم ماچ دەكەم، بە هیوام ساغ بی و وچانی (تەعتیلاتی) ئەمساڵ بە خۆشی ڕابوێری.

لەمن بپرسی سڵامەتم وهیچ پەژارەیەكم نیە. زۆرتر خەریكی چاك كردنی تێزی خوێندكارەكانم و تا ئێستا، دوو دانە سێمینارو سەمپوزیومێكمان بوو، كە سەبارەت بەزمانی كوردی بوو و لە هەر دووكیاندا بەشداریم كرد.

مەبەست لە نووسینی ئەم نامەیە، ئەوە بوو كەپێت ڕاگەیێنم ئەمساڵ چەند ڕۆژ زووتر، واتە لە ١٥ی مانگی خەرمانان‌دا كلاسەكانمان دەكرێنەوە، كەبە هیوام لە ڕۆژی دیاری كراودا، بێی بۆ زانستگە، هەتا بە دوا نەكەوی.

سەركەوتنتان لە خودا دەخوازم. زانا حاجی عەلی

(دەرس وێژی زمانی كوردی)

لە زانستگەی مەولەوی

www.iqra.ahlamontada.com

- ٢ - وەڵامی قوتابی بۆ مامۆستا

بە ناوی خودا ١٣٧١/٨/١٨

مامۆستای خۆشەویستم ئوستاد زانا حاجی عەلی

لەگەڵ سڵاو و دەست ماچ کردنی ئەو مامۆستا خۆشەویستە، کە تەواوی تەمەنی پڕ بایەخی خۆی بۆ پەرەپێدانی زانست تەرخان کردووە، هیوادارم کە لەش ساغ بی و قەت هیچ پەژارەیەکت نەبێ.

مامۆستاگیان! نامەی ڕێکەوتی ١٣٧١/٨/١١م زیارت کردو نامە سەر چاوم. لەوەی کە مەرحەمەتتان فەرموو بووو منتان لە دەست پێ کردنی کلاسەکان ئاگادار کردبوو، زۆر سپاستان دەکەم - هەر سە بەرز و بەختەوەر بی.

بەپێی ڕێنوێنی ئەو خۆشەویستەم، لە ڕۆژی ١٥ی مانگی خەرماناندا، دێم بۆ سەر کلاس و جگە لەمەش هەواڵ بە کاک دیاکو وکاکە مەم و خوشکەزێوین یش دەدەم کە لەو ڕۆژەدا ئەوانیش بێن.

هەروەک دەزانی، من تەعتیلاتی ئەم ساڵ لەدێی کانی ساردم، کە بەراستی وەک بەهەشت وایە، نازانی چ ئاوێکی خۆش وساردی هەیە، لە لایەکی دیکەشەو بەیانی بە دەنگی قاسپەی کەوی دوندی کێوی ئەکەرۆز بەخەبەردێم - کە جوانترین سەمفۆنیە، بەڕاستی جێگەت خاڵیە، دەبێ ساڵی داهاتوو تۆش تەشریف بهێنی.

قوتابی چکۆلەی ئێوە - زانیار ڕوستەم

٣ - نامەی قوتابی بۆ مامۆستا

بەناوی خوادای زانا ١٣٧١/٨/٣

مامۆستای خۆشەویستم ئوستاد ڕێزان سەعید - زانستگەی کوردستان.

لە دوای سلاو و هەوالپرسی، لە دوورەوە دەستتان ماچ دەکەم. بە هیوام کە شیاوی ئەوەبم قوتابی ئێوە بم ولە داهاتوودا بتوانم وەک ئێوە خزمەتگوزاری خەلک بم.

لە ڕووی لوتفەوە لەم شاگردەی خۆتان بپرسن، بە مەرحەمەتی ئێوە چاکم و ئێستا لە دێی کارێزە ،لە مالی بابم تەعتیلاتی هاوین رادەبوێرم، بە ڕاستی هێندە هەوا-یەکی خۆشی هەیە، کە جێگەی ئێوە بەتالە. کورد گوتەنی " مردو زیندو دەکاتەوە".

مامۆستای پایە بەرز! هەر وەک دەزانن ئەمسال دەورەی باکالۆریا (لیسانس)ی زمانی کوردی تەواو دەکەم و سالێکی دیکە دەچمە دەورەی ام. اس (فەوقی لیانس)، هەر لەبەر ئەمە، دەمەوێ تکاتان لێ بکەم کە ئەگەر دەکرێ ئەمسالیش هەر لە کلاسەکەی خۆتاندابم و لە بەردەستیخۆتاندا کاربکەم - بەشکو بتوانم ببمە شاگردی ڕاستەقینەی ئێوە لە ژیان دا. جا ئەگەر ئەم تکایەم قەبوول دەفەرمووی، بە نامە خەبەرم دەرێ، دەتا دەچمە زانستگەی گۆران لەوێ-دەرس دەخوێنم.

بەهیوای لەش ساغی و کامەڕانی ئێوەیبەڕێز.

قوتابی چکۆلەی ئێوە

ئالان موکوریانی

www.iqra.ahlamontada.com

٤ ـ وەڵامی ماموّستا بۆ قوتابی

بەناوی خودای زانا ١٣٧١/٨/١٥

قوتابی خۆشەویستم کاک ئالان موکوریانی

پاش ڕێز و سڵاو، نامەی ڕێکەوتی ١٣٧١/٨/٣ی ئەو خۆشەویستە گەیشتە دەستم. لە مەرحەمەتی تۆ زۆر سپاسگوزارم.

هەواڵی منتان پرسیبوو، کە بە لوتفی خودا ساغ و سڵامەتم ومنیش لە تەعتیلاتی هاوینی بووم ـ چووبوومە دێی زێدی خۆم ـ واتە ئاوایی مازوچنە وتازە چەند ڕۆژە هاتومەتەوە، نازانم دەزانی کە دێی مازوچنە چ تایبەتمەندیەکی هەیە یا خەیر؟. هێندەی دار مازو هەیە کە لە نێودا ردا، دێ قوم بووە. بۆخوشت دەزانی کە مازو چ دارێکی بەپیتە، ـ حەوت بەری هەیە.

سەبارەت بە داوخوازیەکەتان، بەسەر چاو، ئەمساڵیش هەر کارێکی وا دەکەم، کە بێیتە کلاسەکەی خۆم، چون دەزانم کەقوتابی وەکو تۆ دەبێتە جێگەی شانازی بۆمن و ولاتەکەم. هەر سەرکەوتوو بی.

بەڵام ئەگەر دەکرێ پێنج ڕۆژ بەر لە کرانەوی کلاسەکان، چاوت بە من بکەوێ تابڵێم چی بکەی.

بەخودای گەورت دەسپێرم.

ڕێزان سەعید

ماموّستای زمانی کوردی زانستگەیکوردی

www.iqra.ahlamontada.com

٥ ـ نامەی دایک بۆ کوڕ

١٣٧١/٨/٥

کوڕی خۆشەویستم ، نووری چاوانم چالاک گیان

چاوە جوانەکانت ماچ دەکەم و لە خودا دەخوازم کە قەت بەردی سارد و گەرم نەهێتە سەر ڕێگەت وگشت کات ساغ وبەختەوەر بی .

خۆشەویستی خوشەویستانم : ئێمە گشتمان ساغوسلامەتین . بابت شوکور وەزعی زۆر چاکە ، هێرۆش دەرسەکانی زۆر چاک دەخوێنێ . لاوێن و لاس یش هەر وەک جاران لە ئیدارە کار دەکەن و ماڵ ومندالی هەردووکیان سلامەتن و هەموولایک دوعات دەگەیینن . تەواوی دەروجیران و خزم و کەس وکاریش سلاوت بۆ دەنێرن .

ئێمە ڕۆژ بە قامک دەبژێرین ، کە زووتر سەربازیەکەت تەواو بێ و بگەڕێیتەوە بۆ ماڵێ، کاریشمان بۆ پەیدا کردووی ، بڕیار وایە کە لە بانک دامەزرێی.

لەگەڵ ئەم نامەیە دا ، دوو جووت گورەوی بەن ، کراسێکی زستانی و سێ دانە دەسرە دەستم بۆ ناردی، کە بە هیوام بە کەلکت بێن .

ئیدی بە خودای گەورەت دەسپێرم.

دایکت ـ کاڵێ

www.iqra.ahlamontada.com

٦ ـ وەڵامی نامەی کوڕ بۆ دایک

بەناوی خودای تاق و بەتەنی

١٣٧١/٨/١٨

دایکی بەڕێزم ، هیوای ژیانم .

دەستەکانت ماچ دەکەم ، ئەو دەستانەی کە لە کاتی بێ هێزی و ساوایی مندا ، بن باڵیان گرتم . لە خودا دەخوازم کە ئەو توانایە بەمن بدا ، کە کاتێ ئێوەش پیر بوون ولاواز بوون ، منیش بن باڵی ئێوە بگرم.

نامەی ١٣٧١/٨/٥یش گەیشتە دەستم وماچم کرد ونامە سەر گلێنکەی چاوم. لە مەرحەمەتی تۆو تەواوی بنە ماڵە و دەروجیران و خزم و کەس و کار سپاسگوزارم . منیش بە سایی خوداوە سلامەتم و زیاتر لە مانگێ بۆ ئاخری دەورەی سەربازیم نەماوە، کە ئیشەڵڵا هەرچی زووتر تەواو بێ و بێمەوە بۆ نێوتان . دۆعای هەموو لایەکیش دەگەیینم.

ئەو شتانەش کە ناردبووت گەیشتنە دەستم ، زۆر ـ سپاس ، بەڕاستی لەم مەڵبەندە ساردەدا ، زۆر بەکارم دێن . ئەمەش کە لە بانک کارتان بۆ پەیدا کردوم خوشحاڵم ،بەڵام نەتان نووسیبوو کامە بانک ؟

بەهیوای ئەوەی کە هەرچی زووتر بە خزمەتتان بگەم.

کوڕی ئێوە ـ چالاک

www.iqra.ahlamontada.com

٧ ـ نامەی کوڕ بۆ دایک

بەناوی خودای گەورە

١٣٧١/٨/١

نووری چاوانم دایکی بەڕێزم ـ بۆکان

هەر لە ئێرەوە هەتا شارە جوانەکەی بۆکان ، کەزێدی سەرداری سەردارا ن بووە ، سڵاوتان لێ دەکەم. بە هیوام کە هەمووتان ساغ وسڵامەت بن .

منیش سڵامەتم و هەر وەک جاران لە کارخانەی داروسازی ئیش دەکەم . زۆر لە کارەکەم خۆشم دێ ، چون دەزانم ئەو دەرمانانەی کە ئێمە لەم کارخانەیەدا دروستیان دەکەین، بۆ شکاندنی ژانی لەشی خەڵک وبۆ چاک کردنەوەی دەردە داران بە کار دەبرێن . مووچە کەشم هێندێک زیادی کردوە ، بەڵام هێندە کرێ خانوو گرانە ، ئەوە کارەکەی تێک داوە .

خێزانم و ڕووناک وهێرش ساغن ودەستی هەموو لایەکتان ماچ دەکەن. خۆشم دوعای تەواوی خزم وناسیاو دەگەیێنم و لە خزمەت تەواوی بنەماڵەی خۆماندا سڵاوم هەیە .

ئەگەر بۆم کرا بۆ تەعتیلاتی هاوین ، بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ ـ دێمەوەو منداڵەکانیش لەگەڵ خۆمدا دەهێنم. ئەگەر شتێکی تایبەتتان پێویستە ، بۆم بنووسن تا لەگەڵ خۆمدا بۆتانی بهێنم .

کوڕی ئێوە ـ سامرەند

www.iqra.ahlamontada.com

٨ - وەڵامی دایک بۆ کوڕ

بەناوی خودا

١٣٧١/٨/٢٠

عازیزی خۆشەویستم سامرەند - تاران .

نامەی ریکەوتی ١٣٧١/٨/١ی ئەو خۆشەویستە گەیشتە دەستم و ماچم کرد و زۆر بە دیققەت خوێندمەوە. منیش لە گەڵ باوکت و تەواوی بنەماڵەی خۆمان دوعای خۆت وخێزانت ومناڵەکانت دەگەیێنین . بە هیوایین کە هەموو کاتێک ساغ وسلامەت بن. لەوەی کە مووچەکەتان زۆرتر بووە، زۆرخۆشحاڵین، بەڵام دیسان هەر بیرو رامان ئەوەیە کە خۆزگە هەر لێرەیشت دەکرد. ئێستا هەرچی لە تاران دەردەهێنی، دەبێ بیدەی بە کرێ خانوو. بەڵام لێرە بۆ خۆمان ئەم کەلەوایەمان بوو، تێی دا دادەنیشتین وتیکەیەک نانیش هەر پەیدا دەبوولەگەڵ مناڵەکان دا، بیخوی .

گوتبووت کە بۆ تەعتیلاتی هاوین دێنەوە، کەزۆر خۆشحال بووین . ئەگەر دەکرێ هەر کات هاتنەوە، بڕێک زەعفەران و نەختیک لیمۆ عەننابی لەگەڵ خۆدتان بهێنن . دیسانەوە داوای ساغی وسلامەتی تان بە دەکەم.

دایکی تۆ - بەستێ

www.iqra.ahlamontada.com

٩- نامەی هاوڕێی پیاو بۆ هاوڕێی پیاو

بە ناوی خودای مەزن ١٣٧١/٨/٤

هەواڵی خۆشەویستم كاك هەڵۆ ئەحمەدی ـ سنە

لەگەڵ سڵاوی تایبەتدا ، بەهیوام كە ساغ وسڵامەت ـ بی و لە كانی دڵمەوە ، دۆعاتان دەگەێینم .

لە من بپرسی زۆر چاكم وهیچ پەژارەیەكم نیە. كاكی خوم ! نازانی چەندێك دڵم بۆت تەنگ بووە. ئەلعان نزیكەی دووساڵە نەمدیوی ، چی بكەم ئەسڵەن مەرەخەسی بەمن نادن ـ چون كارەكەم زۆر گرنگە و لە لایەكی دیكەشەوە ، بۆ بەدشانسی، كەس نیە لەم یانەی ئێمە ئەم كارەی من بزانێ تا ئەگەر لێرە نەبووم ، ئەو كارەكەی من ئەنجام بدا .

جانازانم تۆ چۆنی؟. بە خودا ئەگەر بۆت بكرێ تۆبێی بۆئێرە باشترە. براگیان ! دەستی ژن ومنداڵەكەت بگرەووەرە چەند ڕۆژ لە لای ئێمەبە. دنیا دەبرێتەوە ، بەڵام ئەوەی كە بایەخی زۆرە ئەوەیە كە عیسان لەگەڵ دۆست وهاوڵی خۆی ـ براكەم ! هەر وەک دەزانی ، ئێستا دۆستی چاك زۆر كەمە ، جا ئەگەر یەكێك پەیدا بوو نیعمەتەو دەبێ كەڵك لەو نیعمەتە وەرگری .

زۆر دۆعای براژن ومنداڵەكان بگەێینە و بە هیوای ئەوەم كە نامەیەكم بۆ بنووسی وپێم بڵێی كە كەی تەشریف دەهێنی بۆ ئێرە.

بەهیوای بەختەوەری خۆت و بنەماڵەت .

سیامەند كورتەكی

www.iqra.ahlamontada.com

١٠ – وەڵامی هاوڕێی پیاو بۆ هاوڕێی پیاو

بەناوی خودای گەورە ١٣٧١/٨/١٩

هاوڕێی هێژاو بەڕێزم کاک سیامەند کورتەکی،ئیسفەهان

هاوڕێی سڵاوی گەرم وگوڕ، نامەی ١٣٧١/٨/٤ی ئەو هاوڕێ خۆشەویستەم پێ گەیی ونامە سەر چاوم. لە هەواڵی سڵامەتی ئێوە، زۆر خۆشحاڵ بووم. خۆم و خێزانم و گەزیزەی کچم وخانی کوڕم دۆعاتان دەگەیێنین.

کاک سیامەند گیان: لەوەی کە من وخێزانم ومنداڵەکانت دەعوەت کردوە، کە چەند ڕۆژ بێین لای ئێوە ڕابوبرین، زۆر سپاست دەکەین. بە سەر ئەو چاوانەم، لە هەوەڵ مانگی هاوین (پووشپەڕ) دا، کە حەوتەیەک تەعتیلین ،دێین بۆ لاتان. بەڵام قەرار وایە،بە ماشینەکەی خۆمان بێین، تا لەوێ بتوانین تەواوی شوێنەوارە مێژوویەکان ببینین، چون خۆت دەزانی کە بەبێ ماشین زۆر موشکوڵە. جا نازانم شەوانە بۆ ماشینەکە جێگەی پارکتان هەیە یا خەیر؟.

ئەگەر شتێکی تایبەتی تان دەوێ، کە لە شاری سنەوە بۆتانی بهێنم، بە تێلیفۆن پێم بڵێ، دەبێ ئەمەشت عەرز بکەم دەستگایەکی کایەی شاترنجم سەندوە، کە لەگەڵ خۆم بەدیاری بۆت دەهێنم.

ئیدی هەر بژین بە بەختیاری

هەڵۆ ئەحمەدی

www.iqra.ahlamontada.com

١١ ـ نامەی هاوالـی کچ بۆ هاوالـی کچ

بەناوی خودای توانا ١٣٧١/٨/٢

دەستە خوشکی بەڕێز وخۆشەویستم چنور بۆکانی

خوشکیخۆم! سلاو، لـە خودای تەعالا دەخوازم کە ساغو سلامەت بی، لـەمنیش بپرسی هیچ پەرارەم نیە، مەگەر دووری تۆ.

بەهیوام کە لـە دەرسەکاندا سەرکەوتووبی و بتوانی ئەمسالـیش وەک سالانی پێشوو بەنومرەی زور چاکەوە دەرچی. دەرسەکانی منیش خراپ نین، بەلام ڕێگەی زانستگە هێندەدوورە، کەعیسان هیلاک وماندو دەکا. چون هەر وەک دەزانی تەواوی شەوگەل دەبێ بە ئۆتۆبووس بڕۆمەوە بۆ مالێ و بەیانی بێمەوە بۆ زانستگە، کە هەموو جارێک دووسەعات بە ڕێگەوەم.

خوشکەچنور!. نازانم بۆ کارە ئەسلـیەکە چیت کرد؟ قەرا وابوو، کە لـەگەل کوڕی مامت ژیانی هاوسەری دەس پێ بکەی؟ دەزانم هێندێک شەرم دەکەی کە لـەم بارەوە قسە بکەی، بەلام دادە چنور، هەموو کچێک دەبێ شوو بکا وهەموو کوڕێک دەبێ ژن بهێنێ ـ ئیدی شەرمی پێ ناوی چاوەکەم، جا ئەگەر ـ وایە بۆم بنووسە بزانین کەی شیرینیە کە دەخۆین و کەی پلاوەکەمان پێ دەدەی؟.

دادەچنوور! بەختەوەری تۆ ئاواتی منە و چاوەڕوانی نامەتم، کە ئەو هەوالـە خۆشانەی سەرەوەی تێ دابێ.

خوشکتان ـ هەلامە کۆکەیی

www.iqra.ahlamontada.com

١٢ - وەڵامی نامەی هاوڵی کچ بۆهاوڵی کچ

بەناوی خودای بێ هاوتا

١٣٧١/٨/١٨

خوشکی هەرەخۆشەویستم دادە هەلامە کۆکەیی

نامەی ڕێکەوتی ١٣٧١/٨/٢ ئەو خۆشەویستەم زیارت کردو نامە سەر چاوم . پێم وابوو کە وێنەم بۆ دەنێری،بەڵام وێنەیەک لە نامەکەدا نەبوو- باشە من وێنەی تۆم لە دڵم دا کێشاوە، قەی ناکا با نەت ناردبێ . خوشکی خۆم! منیش پڕ بە دڵ سڵاوتان لێ دەکەم و لە هەستی ناسکی ئێوە سپاس دەکەم.

هەلامەگیان ! لەمەی کە دەرسەکانت باشن زۆرخۆشحاڵم - دیارە دەبی هەر باش بێ - کچ دەچێتەوە سەر دایک وبابی. منیش خراپ نیم ، بە قەولی مەشهوور شایەد ڕەت نەبمەوە ! دادە هەلامە ! باسی شوکردنی منت کردبوو، کە دەبێ مزگێنی بە ئێوە بدەم کە قەرار وایە چەند ڕۆژی دیکە مامەم وئامۆژن بێن بۆ خوازبێنی وباوکم و دایکیشم کارەکەیان خستوەتە دەست من . واتە : ئەگەر خودا کۆمەک بێ ، پێم وایە کار تەواوە. هەر وەک دەزانی هەڵمەتی ئامۆزام زۆر کوڕێکی باسەواد و بە ئیمانە. لەگەڵ ئەو گشتە دەرسەی کە لە وولاتە ڕۆژاواییەکان دا خوێندویەتی، سەری بچێ نوێژی ناچێ، یانی لە وانەیە کە دوای دەرس خوێندن بەئیمان تر بووە، منیش چون مەسلەی ئیمان و دین وبڕوای ئاینی زۆر گرنگە بۆم و لە لایەکی دیکەشەوە باسەوادە و ئامۆژامە، زۆر پێی ڕازیم. دیارە کاتی شایی کردن دەعوتیشت دەکەم.

www.iqra.ahlamontada.com

ببورە كە پاكی باسی شووكردنی خۆم بوو. بە هیوام كە ئێوەش بە زوویی خودا بەختێكی باشتان بداتێ و هەواڵەكەی بە من بگا.

خوشكی تۆ - چنور بۆكانی

www.iqra.ahlamontada.com

١٣ - نامەی ژن بۆ مێرد

بەناوی خودای میری مەزن

١٣٧١/٨/٤

مێردی دڵسۆز و خۆشەویستم

لەگەڵ سڵاوێکی گەرم، بە هیوام کە سڵامەت بی. من و ئەوین و پەشێو هەمووما ن ساغین و هەمیشە لە بیری تۆ داین.

مێردی عازیزم! ئەوە دوو ساڵە کە ئەو کارەت لە شاری کرمانشان گرتووە و زۆر تر مەجبووری کە لەوێ بی. ئێمەش کە بە خاتری دەرسی مناڵەکان و بە دە لیلی ئەوەی کە ماڵەکە چۆڵ نەبێ و نەڕوخێ، مەجبوورین هەر لە شاری مەهاباد بین، کە خۆت دەزانی ئەم دووریە زۆر موشکوڵە. ژن و مێرد ئەگەر لەکن یەک نەبن، هەزار دانە گیروگرفت دێتە پێشەوە. شەوانە لەگەڵ ئەو دوو منداڵە، لەم ماڵەدا بە تەنیا دەخەوین، هەزار دانە دز و درۆزن هەیە. بێجگە لەمە، هەزار نەخۆشی و سەریەشە وپایەشە هەیە. لەبەر ئەوانەی کە گوتم، ئەگەر کارێکی وا بکەی یا خۆت بێیتەوە بۆ مەهاباد یا ئێمە بەری بۆ شاری کرمانشان زۆر چاکترە.

دەرسی منداڵەکانیش خراپ نیە، بەڵام هەمیشە هەر بۆ تۆ بێ تاقەتی دەکەن. ماڵەکەشم تازە تەعمیر کردوە. چون سەربانەکەی زۆری دڵۆپە کرد بوو و دیوارەکانی خەریک بوو بروخێن. ئەو پووڵەی کە بە بانک دا ناردبووت، زۆرتریم بۆ تەعمیری ماڵە کە خەرج کرد. تازە چوار هەزار تمەنیشم لە خاجی زۆراب قەرز کردوە.

ئیدی لەوە زیاتر سەرت نایەشێنیم هاوسەری تۆ چمەن سەردەشتی

www.iqra.ahlamontada.com

١٤ – وەڵامی نامەی مێرد بۆ ژن

١٣٧١/٨/١٦

ژنی خۆشەویستم چیمەن خانم ـ مەهاباد

لەگەڵ سڵاو ، نامەی ١٣٧١/٨/٤ ئەو هاو ژینە خۆشەویستە گەیشتە دەستم و لە ناخی دڵەوە ماچم کرد . منیش دۆعای تۆ دەگەیێنم .

لە قەولی منەوە دۆعای تەواوی خزمەکان بگەیێنەو ئەوین و پەشێو ماچ کەو لە باتی من لە بەغەڵیان بگرە .

لەمەی کە بەلای کەمەوە دەرسی منداڵەکان باشە خۆشحاڵم . ئاهوناڵەیەکی زۆرتان کردبوو ، کە بۆچی دەبێ لە یەکتری دوور بین . منیش حەق بە تۆ دەدەم ، بەڵام چی بکەم بە قەولی کوردی " ڕوی ناعیلاجی ڕەش بێ " . دەنا من قەت نامەوێ سەعاتێک لە تۆ و لە منداڵەکان دوور کەومەوە . ئەلعانیش لە هەوڵ دام ، کە زووتر خۆم بخەمە مەهاباد یا دەوروبەری . بەڵام بۆخوت دەزانی هاتنی ئێوە بۆ کرمانشان بە یەکجاری ناگونجێ ، چون خانووەکەمان لە مەهاباد لەنێو دەچێ .

نووسیبووت کە پووڵت لە حاجی زۆراب قەرز کردووە . بە بانک دا ، دەهەزار تمەنم بۆ ناردی ، کە هەم قەرزەکەی حاجی بدەیتەوە و هەم بێ مەخاریجیش نەبن .

قەرارروایە تا ٤٠ ڕۆژی دی بە مەرەخەسی بێمەوە ، کە ئەوکاتە بۆ ماوەی دوو حەوتە لە ماڵێ دەمێنمەوەو زۆرتر لەم بابەتەوە قسە دەکەین .

مێردی تۆ ـ سەرکەوت مەهابادی

www.iqra.ahlamontada.com

١٥ - نامەی جیران بۆ جیران

بەناوی یەزدانی مەزن ١٣٧١/٨/٣

کاک هەڵکەوت بانەیی، جیرانی بەڕێزم

سڵاو . هەر وەک دەزانی ئێستا نزیکەی دوو ساڵە بۆ کارێکی زۆر گرنگ هاتوومەتە سەفەر و لە شاری نەغەدەم و پێم وایە نزیکەی شەش مانگی دیکەشم پێ دەچێ .

کاک هەڵکەوت ! هەر وەک ئاگاداری،من سەڵتم ژن و منداڵم نیە و ڕۆژی هەوەڵیش بە ئومێدی خودا و بە ئومێدی تۆ ماڵەکەم بەجێ هێشت . ئەلعانیش هەر دڵم بەوە خۆشە کە جیرانێکی وەک تۆم هەیە و دڵنیام کە کەس ناوێرێ دزی و فزیم لێ بکا . دیارە براژن ومنداڵەکانیش چون زیاتر لە ماڵەوەن ، زۆرتر دەتوانن چاودێری لەو کەلەوایەی من بکەن .

بە ئومێدی خودا نزیکەی شەش مانگی دیکە دەگەڕێمەوە و بە سەر خۆمیەوە ناهێڵم ،ئەو زەحمەتەی ئێوە قەرەبوو دەکەمەوە .

لە قەولی منەوە دۆعای تەواوی ماڵ ومنداڵ و دەر و جیران بگەیێنە . لەگەڵ سپاسی دووبارە، بەخوداتان دەسپێرم .

کەماڵ بێورانی

www.iqra.ahlamontada.com

١٦ ـ وەڵامی نامەی جیران بۆجیران

بە ناوی یەزدانی دلۆڤان

١٣٧١/٨/٢٣

جیرانی زۆر بەڕێزم کاک کەماڵ بێورانی

لەپاش سڵاوی تایبەت، پێ تان ڕادەگەیێنم کە دوێنێ (١٣٧١/٨/٢٢) نامەی ١٣٧١/٨/٣ ئەو خۆشەویستە گەیشتە دەستم . لە هەواڵپرسی تان سپاس دەکەم، ماڵ و منداڵ و دەروجیران هەموو دۆعات دەگەیێنن و زۆر مەممنوونن .

سەبارەت بە ماڵەکەت نووسیبووت، بە حەمدی خودا هیچ شتێکی خراپ ڕوی نەداوە و هەموو شتێک لەسەر جێگەی خۆیەتی، دڵنیابە کە بە ئومێدی خودا هیچ شتیک ناقەوێ و کارەکانت بە ئارخایەنی جێ بەجێ بکە، جا وەرەوە بۆ ئێرە. بۆخۆت دەزانی شەوانەش گەڕەکی ئێمە کێشکچی هەیە و تا ڕۆژ هەر دەگەڕێ و ئاگای لە ماڵەکانە.

فەرموبووت کە ئەم زەحمەتەی ئێمە قەرەبوو دەکەیتەوە ، دەبێ عەرزت بکەم کە جیران بەرانبەر بەجیران ئەرکی لەسەر شانە وئێمە وەزیفەی خۆمانمان ئەنجام داوە ، هیچ نیازی بە قەرەبوو کردنەوەنیە ـ هەر سڵامەتی تۆمان دەوێ .

برای ئێوە ـ هەڵکەوت بانەیی

www.iqra.ahlamontada.com

١٧ ـ نامەی دەستگیران بۆ دستگیران

به ناوی خودای بێ هاوتا

١٣٧١/٨/١٠

دەستگیرانی خۆشەویستم نەشمیل خانم

خۆشەویستم سلاوتان لێ دەکەم، به هیوام که ئەو عازیزەم هەمیشه ساغ و سلامەت بێ وگوڵی باغی ژیانم هەرگیز به تەوژمی شەختەی ڕۆژگار نەژاکێ .

عازیزەکەم: لەو ڕۆژەوه که دیاری کرای بۆ من و مەلا مارەی کردی ، ڕۆژ به قامک دەبژێرم که کەی زەماوەند بکەین. من هەر ئەو ڕۆژەی که مارەم کردی و بووی به حەلالم دەمویست بتگویزمەوه . بەلام ، بابت فەرمووی که ئەو ساڵ سەبر بکەین هەتا دیپلۆمەکەت وەر دەگری . منیش به پیچەوانەی ویستی خۆم، به فەرمایشی باوکی بەڕێزت ڕەفتارم کرد.

بەهیوام که به زوویی دیپلۆمەکه وەرگری و ژیانی هاوبەشمان دەستی پێ بکا . وا بزانم گیرو گرفتیەک که بابت بووی ، ئەوە بوو که جیازیت بۆ سازکات . خۆشەویستەکەم: ئێمه لاوین و دنیا به ئاسۆیەکی ڕووناکترەوە دەبینین . جا هەر لەبەر ئەمه ، دەموێ به بابت عەرز بکەی ئێمه نیازمان به جیازی نیه ـ ئەمه یاسای کۆنه پەرستانه ـ جیازی مانای چیه ؟ من ناهێڵم کەوچکێک لەگەڵ خۆتدا بهێنی .

من بۆ خۆم هێندێک کەل و پەلم ئامادە کردووەوکاتێک دەرسەکەت تەواو بوو دەتگوێزمەوە بۆ ماڵی بابم وهەر لەوێ لەگەڵ دایکم و بابم دەژین . ئاخر دایک وباب منداڵیان

www.iqra.ahlamontada.com

بۆ پیری دەوێ ، ئیدی پێویستی چیە بچین لەماڵێکی دیکە بژین . براکانی تۆش هەر دەبێ وا بکەن ، کاتێک ژنیان هێنا بچن لەگەڵ دایک وبابت بەیەکەوە بژین .

ئیدی بەخودات دەسپێرم .

هەڵوێست کرمانج

www.iqra.ahlamontada.com

١٨ ـ وەڵامی نامەی دەستگیران بۆ دەستگیران

بەناوی خودای زانا وتوانـــا

١٣٧١/٨/٢٥

بۆهەڵوێست کرمانج ـ دەستگیرانی خۆشەویستم

نامەکەتگەیی نامەسەرچاوم بەناوت قەسم بۆ تونەماوم

هەڵوێستگیان ! نامەی ڕێکەوتی ١٣٧١/٨/٢٥ی ئەو خۆشەویستەم لە کاتێکدا پێ گەیی ، کە شەوو ڕۆژ لە خەیاڵتدا ـ بووم. بە قەولی شاعیر دەڵێ: " شەوان پەژارە و ڕۆژان ڕۆـ ڕۆمە ، پاکی دڵتەنگی دووریەکەی تۆمە".

گیانەکەم ! لەو ڕۆژەوە کە منیان لەتۆ مارە کردوە ، وا دەزانم کە تازە لە دایک بووم. ئێستاش شەو و ڕۆژخەریکی دەرس خوێندنم ،تا هاوین دیپلۆمەکەم وەرگرم و زەماوەنبکەین.

سەبارەت بەجیازی نووسیبووتان، زۆر سپاستان دەکەم. دیارە بۆ خۆت دەزانی کە بابم کارگەری دارتاشخانەیە (نەـ ججاریە) و کرینی جیازی بۆ ئەو زۆر موشکولە .

ئەوەکە گوتبوت لەگەڵ باوکت ودایکت بەیەکـــەوە بژین ، زۆر کارێکی باشە ، هەم کرێ خانوو نادەین وهـــەم دایک و بابت کەپیر بوون،پەرەستاریان لێ دەکەین . ئـــەی ئەولاد بەکاری پیری نەیە فایدەی چیە ؟.خۆ من کچەکەی کوێخا نەعمان نیم ، گوتی ئیلا و بیلا دەبێ مێردەکەم خانوی جیـــاوازم بۆبگـــرێ .

بەهیوای هاتنی هاوین وزەماوەنەکەمان ،خودا حافیزیـــت لێ دەکەم.

نەشمیل بەردەزەردی

www.iqra.ahlamontada.com

١٩ - نامەی هاوالّی کوڕ بۆ هاوالّی کوڕ

بەناوی یەزدانی گەورە

١٣٧١/٨/١٣

هاوالّی خۆشەویستم کاک فەرهاد کامەم

کاکی خۆم سلاو . چۆنی فەرهادگیان ؟. بەهیوام کار و بارت چاک بێ و سلامەت بی . لە من بپرسی ساغ وبێوەیم.

کاک فەرهاد! هەروەک دەزانی بەینێکە خەریکی فێر- بوونی زمانی کوردیم و لە ڕووی کتێب ، گۆوار وڕۆژنامە - کانەوە هەولّی فێر بوونی نووسین و خوێندنەوەی کوردی دەدەم. چەند ڕۆژ لەمەو پێش کتێبێکم گیر کەوت بەناوی "نامە نووسینێن بە کوردی" ، کە زۆرم کەڵک لێ وەرگرت . ئەلعان ئەم نامەیە بۆ تۆ دەنووسم ، نازانم هیچ تۆفیرت بە کوردیەکەم کردوە ؟. ئایا ئێستا باشتر دەنووسم ؟. بەڕاستی هەر کەسێک کە زمانی خۆی نەزانێ وەک کەڵەشێرێک وایە کە نەزانێ بقووقێنێ - عەجایەب نیە ؟.

پێم خۆشە ئەمجارە هەرچی نامەت بۆ نووسیم ، بە زمانی کوردی بینووسی ، منیش هەر وەڵامت بە کوردی بۆ دەنووسمەوە.

پرسیارێکشم هەیە، تۆ کە کوردی باشتر دەزانی. بەبیرو ڕای تۆ، چاکترین کتێبی هۆنراوەی کوردی کامەیە؟. تا بیکڕم.

برای تو هێمن کانیە ڕەشی

www.iqra.ahlamontada.com

٢٠ - وەڵامی نامەی هاوڕێی کوڕ بۆ هاوڕێی کوڕ

بە ناوی خودای توانا و گەورە

١٧١/٨/٢٠

هاوڕێی خۆشەویستم کاک هێمن کانیە ڕەشی

سڵاو . نامەی ١٣٧١/٨/١٣ م پێ گەیی. زۆر خۆشحاڵ بووم. هەواڵی منت پرسیبوو، بە مەرحەمەتی تۆ چاکم - بەزارەم تەنیا دووری تۆیە.

کاک هێمن ! ئافەرین بۆ کوردیەک کە نووسیبووت ، بەڕاستی زۆر جوان بوو. هیچ ئیرادی نەبوو. بە هیوام کە هەر درێژە بە کوردی خوێندن بدەی و ڕۆژ بەڕۆژ پسپۆڕتر بی.

پرسیبووت " کامە کتێبی شێعرباشە؟ ". لە وەڵامدا دەبێ عەرزتان بکەم کە هۆنراوە وەک چێشت وایە . کەسێک شایەد چێشتێکی پێ خۆش نەبێ ، بەڵام کەسێکی دیکە هەر ئەو چێشتەی زۆر پێ خۆش بێ . من بۆ خۆم هۆنراوەی ئەم شاعیرە کوردانەم زۆر پێ چاکە :

١ - نالی
٢ - وەفایی
٣ - ئەحمەد موختار جاف
٤ - گۆران
٥ - قانیع

بەتەمای نامەکانی دیکەی ئێوەم

فەرهاد کامەم

www.iqra.ahlamontada.com

٢١- نامەی قوتابی کوڕ بۆ قوتابی کوڕ

بە ناوی خودای بێ وێنـــە

١٣٧١/٨/١

برای خۆشەویستم کاک ئەهوەن بێسارانی

پاش سڵاو و چاک وخۆشی ، لە دوورەوە ماچت دەکەم. بەهیوام کە لە دەرس و خوێندن دا سەر کەوتوو بی .

کاک ئەهوەن ! منیش تازە چوومەتە پۆلی سێ هەم و خەریکی دەرس خوێندنم ، ماموستاکانمان هەر یەکی خەڵکی شارێکن . بۆ وێنە یەکێکیان خەڵکی کامیارانە ، یەکێک خەڵکی تیکان تەپەی هەوشارە ، یەکێک خەڵکی بیجارە و دەتوانم بڵێم هەر کامیان لە شارێکەوە هاتوون.

وانە (دەرس)ە کانمان زور سەختن ، چون هەوەڵی ساڵە هێشتا بە تەواوی ڕانەهاتووین . جا نازانم ئێوە لە دەرسەکانتان دا چۆنن ؟.

خەریکی خوێندنی زمانی کوردیش هەر هەم و لە ڕووی ئەم نامەیەوە، دەزانی کە تا چ ڕادەیەک چوومەتە پێشەوە. ئەگەر کتێبی ڕێزمانی کوردی باشتان هەیە، چەن دانەم بۆ بنێرە یان بۆم بکرە، پارەکەیت بۆ دەنێرم.

هەر بژی بە ساغی و سەرکەوتوویی .

سامان کامیارانی

www.iqra.ahlamontada.com

٢٢ - وەڵامی قوتابی کوڕ بۆ قوتابی کوڕ

بە ناوی یەزدانی بەتەنێ

١٣٧١/٨/١٤

برای دەلالم کاک سامان کامیارانی

سڵاو. نامەجوانەکەی ڕیکەوتی ١٣٧١/٨/١ گەیشتە دەستم. بەڕاستی بە کوردیەکی جوان نووسیبووت، ئافەرین برا، یا خودا هەر خۆش بی، نازانم چۆن کوردی نوسین وا زۆر زوو فێر بووی؟. کاش منیش وەک تۆ فێر بوایەم.

کاکی خۆم! سەبارەت بە دەرس و مەشق نووسیبوو- تان، دەرس خوێندن هەمیشە ئەرکێکی گەورەیە وعیسان دەبێ زەحمەتی لەگەڵ دا بکێشێ. شاعیر دەفەرموێ "گەنج بەبێ ڕەنج بە دەست نایەت". منیش بە هیوام کە تۆ کە ڕەنج دەکێشی، ڕۆژێک گەنجی زانست بە دەست بهێنی.

سەبارەت بە کتێبی ڕێزمان نووسیبووتان، لە زۆر کتێبفرۆشیم پرسیارکرد، دوو دانەم بۆت پەیدا کرد، ئەوە لەگەڵ ئەم نامەیەدا بۆتی دەنێرم. بە داخەوە خۆم هیچم نەبوو، لەبەر ئەوە مەجبوور بووم بۆت بکڕم.

دەرسەکانی ئێمەش هەر زۆر گرانە. من نازانم کەسێک کە دەبێ بۆ نموونە لە پاشان دیپلۆمی تەجرەبی وەرگرێ، بۆچی دەبێ هێندەش تاریخ وجوغرافیای پێ بڵێن؟. مەشهورە دەڵێن "هەموو کەس هەموو شت دەزانن، نەک کەسێک.

براکەم ئیدی بە خودای گەورەت دەسپێرم.

ئەهوەن بێسارانی

www.iqra.ahlamontada.com

٢٣ – نامەی کچ بۆ باب

بە ناوی خودای گەورەوبێ هاوتا

١٣٧١/٨/٤

بابی خۆشەویستم وجێگەی شانازیم

بابە گیان سڵاو! سڵاوێک بە گەرمی هەستی محەبەتی بەتینی تۆ سەبارەت بە ئێمە، سڵاوێک بە پان و بەرینی هەستی باوکانەی تۆ و هەست و ئەوینی دایکانەی دایکم. هەم دەستی تۆ وهەم دەستی دایکم ماچ دەکەم و دۆعای هەتاو و هەڵمەتیش دەگەیێنم.

بابەگیان! ماوەی ساڵێک دەبێ کە شووم کردووە، زۆر سپاستان دەکەم بۆ ئەو هەموو زەحمەتەی کە تۆو دایکم کێشاتان، قەت لە بیرم ناچێتەوە. گڵی قەبریش لە بیرمی نابەتەوە.

باوکی خۆشەویستم! منیش وەزعم زۆر باشە.بەختیاری مێردم زۆر پیاوێکی چاکە و هیچ موشکلێکمان نیە، فەقەت دووری ئێوە نەبێ. جا کە وایە،تکا دەکەم ئەم پایزە لەگەڵ دایکم بۆ ماوەی چەند رۆژێک سەرێکمان بدەن،تا چاومان بە دیدارتان روون بێتەوە. بەختیاریش دەستان ماچ دەکاو دۆعای هەموو لایەک دەگەیێنێ.

هەوای ئێرەش زۆر ساردە، هەر کاتێک هاتن دەبێ جلی گەرم بکەنە بەرتان، چون ئێمە دەمێکە کوورەمان داناوە و ئەلعان لە دوندی کێوەکان بەفر باریوە.

بەهیوای دیتنی ئێوەم کچی تۆ – شلێرمیراودەلی

www.iqra.ahlamontada.com

٢٤ ـ وەڵامی نامەی باب بۆ کچ

بەناوی یەزدانی بێ هاوتا

١٣٧١/٨/١٥

کچی بەڕێزم ، نووری چاوانم شلێرخانم

دوای سڵاو، هەم من وهەم دایکت وهەتاوی خوشکت و هەڵمەتی برات ماچت دەکەین و بە هیوای ساغی، سڵامەتی و بەختە وەری تۆین . ئێمەش هەمووما ن ساغین ، دایکت هەر خەریکی کەیبانوگەریە، منیش هەر لە قوتابخانە دەرس دەڵێم و هەتاو و هەڵمەتیش دەرس دەخوێنن .

لەوەی کە ئێمەت دەعوەت کردبوو، زۆر سپاست دەکەین . دیارە خۆت دەزانی کە ئەلعان وەختی دەرس وکارە، ئەگەر مەرەخەسیان پێ دام ـ دوو سێ ڕۆژ لەگەڵ دایکت دێین بۆلات . ئەگەر نەیاندا ، دەبێ هەڵی گرین بۆ هاوین ، کە قوتابخانە تەعتیلە و دەتوانین منداڵەکانیش لەگەڵ خۆماندا بهێنین .

ئێمە هەمیشە ئاواتمان بەختەوەری ئێوەیە وهەموو شمان لە هەستی گەرمی کاک بەختیاری مێردت سپاس دەکەین ودۆعای دەگەیێنین.

دیسانەوە بە خودای مێری مەزنت دەسپێرم

باوکت

www.iqra.ahlamontada.com

٢٥ - نامەی وەرزشکار بۆ وەرزشکار

بەناوی خودای توانا وزانا

١٣٧١/٨/٥

برای خۆشەویستم، وەرزشکاری سەرکەوتوو کاک ڕاپەڕ

لەکانی ڵەوە سڵاوتان لێ دەکەم. هیوام وایە کە لەش و ڕۆحت ساغ بن وهەمیشە لە کاری وەرزش دا سەرکەوتوو بی . لە منیش بپرسی سڵامەتم.

براکەم! بیستوومە کە چەند ڕۆژ لەمەوپێش لە کێ - بەرکێی (موسابەقەی)تۆپی پێی (فوتباڵ) ی ئاسیادا، پلەی دووهەم دەرهاتووی، کە بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لێ - دەکەم و وەرگرتنی میداڵی زێوین بە ئێوە تەبریک عەرز دەکەم.

منیش بڕیار وایە لە کێ بەرکێی تۆپی قەرتاڵە (باسکێتباڵ)ی سەرتاسەری ئێران دا، بەشداری بکەم، کە لە مانگی داهاتوودا، لە شاری ساری پێک دی. نازانم لە ڕۆژنامەی وەرزشی دا، خوێندووتەتەوە یا خەیر، لە لایەن لیوای کوردستانەوە، من و حەمەی ناسر و ڕازان قشڵاقی بەشداری دەکەین - جا ئیدی نازانم چۆن دەردەچین ؟.

لەگەڵ ئەمنامەیەشدا، چەند دانە وێنەت بۆ دەنێرم، کە لە کێبەرکێی ساڵی ڕابوردوی کوالالامپووردا، خستبوومان.

بەهیوای سەرکەوتنی زۆرتری ئێوە .

بڕیار لاجانی

www.iqra.ahlamontada.com

٢٦- وەڵامی نامەی وەرزشکار بۆ وەرزشکار

بە ناوی خودای توانا و دلۆڤان

١٣٧١/٨/١١

هاوالی دلۆڤان کاک ڕاپەڕ

سڵاوتان پێشکەش دەکەم ، لە هەستی بەتینی ئێوە سپاس دەکەم، بە هیوام ساغ و بەختیار بن و هیچ کۆسپێک لە ژیانتان دا نەبێ .

کاک ڕاپەڕ ! زۆر سپاس لە نامەی ١٣٧١/٨/٥ ، کە پیرۆزباییتان تێ دا نووسیبوو. بە هیوام کە من میداڵی زێوم وەرگرتوە، تۆ میداڵی زێڕ وەرگری، چون حەقی خۆتە .

هەواڵم بوو کە قەرار وایە لە شاری ساری کێبەرکێی سەراسەری تۆپی قەرتاڵە بەڕێون بچێ، بەلام نەم دەزانی لە چ روژێک دایە . ئێستا کە ڕۆژەکەیم بۆ ڕوونە ، حەتمەن دێم بۆ تەماشاکردن ، جا کە وایە ئەگەر دەکرێ ، دوو دانەبلیتم بۆ بنێرە.

لە قەولی منەوە دۆعای کاک ڕازان قشلاغی وکاک حەمەی ناسر بگەیێنە. بۆ ئەوانیش داوای سەرکەوتن دەکەم.

منیش چەند دانە وێنەی کێ بەرکێی شاری کوالالامپوور تان، لەگەڵ ئەم نامەیە دا ، بۆ دەنێرم.

برات - بڕیار لاجانی

www.iqra.ahlamontada.com

٢٧ - نامەی خوشک بۆ برا

بەناوی خودا ١٣٧١/٨/٣

برای بەڕێزم ، چاوی چاوانم کاکە ڕێبوار

سڵاوی خوشکی دڵسۆزی خۆت قەبوول بکە. بەهیوام هەر وا کامەڕان و ساغ و بێ وەی بی . نامەی ١٣٧٠/٨/٣یشم زیارەت کردوە.

برای خۆشەویستم !. دەمێ بوو کە دەمویست نامەت بۆ بنووسم ، بەڵام ناونیشانە تازەکەم نەبوو، دوێنێ ناو نیشانەکەتم لە دایکم سەند.

لە ئێمە بپرسی هەموو ساغین . دڵداری مێردم هەر لە دووکان ئیش دەکا ، خەزێمی کچم دیپلۆمی وەر گرتووەوئەگەر بۆی بکرێ، هەوڵ دەدا ، کە ئەمساڵ بچێتە زانستگەی لقی کشتوکاڵ . کاوەش کە لە پۆلی سێهەمی قوتابخانەی ناوەندی دەرس دەخوێنێ و دەرسەکانیشی باشە. خۆشم هەر لە قوتابخانەی سەرەتایی دەرس دەڵێم .

لە قەولی منەوە دۆعای برازنم بگەیێنەو چای کەزاڵ و ئازادیش ماچ کەو هەواڵی هەموویان بپرسە ، منداڵەکان و باوکیشیان دۆعای هەموو لایەکتان دەگەیێنن .

ئیتر هەر بژی بە سلامەتی - خوشکی ئێوە ئەسرین

www.iqra.ahlamontada.com

٢٨ – وەڵامی نامەی برا بۆ خوشک

بە ناوی خودای میهرەبان

١٣٧١/٨/١٨

خوشکی خۆشەویستم ، خوشکە ئەسرین – شنۆ

لەگەڵ سڵاو، پێتان ڕادەگەیێنم کە نامەی ڕێکەوتی ١٣٧١/٨/٣ م پێ گەیی و لە بان چاوم دانا . بە هیوام کە خۆت، کاک دڵداری مێردت ، خەزیمی کچت و کاوەی کوڕت ساغ و سڵامەت بن . کورتێی ژنم ، کەژاڵی کچم و ئازای کوڕم هەموویان دۆعای گشت لایەکتان دەگەیێنن.

ئێمەش لە ورمێ کار وبارمان چاکە . هەروەک دەزانی، من لە یانەی جەنگەڵداری کار دەکەم. جەیرانی خێزانیشم لە یانەی ئامارە و منداڵەکانیش هەروەک جاران دەرس دەخوێنن . باوەڕ بکە، زۆر کاتە دەڵێم بچین بۆ شنو سەرێکیان بدەین ، بەڵام کاری ئیدارە و دەرسی منداڵ و کوێرەوەری ، دەرفەت نادەن . ئیشەڵڵا هەڵی دەگرم بۆ ئاخری بەهاریساڵی داهاتوو، بەشکوو پێمان کراو هاتین .

خوشکە ئەسرین ! . ئەگەر دەکرێ ،ناونیشانی تازەی بزۆڵی خوشکمانم، بۆ بنێرە ، چون دەمەوێ نامەیەکیش بۆ ئەوبنووسم .

برای ئێوە – ڕێبوار

www.iqra.ahlamontada.com

٢٩ ـ دەعوەتنامەی برا بۆ برا

بەناوی خودای بێ هاوتا

١٣٧١/٨/٥

برای چاک و دڵسۆزم کاک دڵپاک

سڵاوی خۆم وتەواوی بنەماڵەی خۆم پێشکەش بەتۆ، برای عازیز وخۆشەویستم . کاک دڵپاک ! . هەروەک دەزانی ١٥ ڕۆژی دیکە، واتە لە ١٣٧١/٨/٢٠ دا . قەرا وایە کە شەرمینی کچم بگوێزنەوە بۆ لاوێنی کوڕی حاجی غەفوور.

هەر بەم بۆنەیەوە لێتان دەگێڕمەوە (دەعوەتتان دەکەم)، کە بێن بو سەر زەماوەن و براژن و تەواوی منداڵەکان و پورویشم لەگەڵ خۆتدا بهێنی .

چون کارمان زۆرە، ئەگەر دەکرێ سێ ڕۆژ بەر لە ڕۆژی زەماوەن ، تەشریف بهێنن وبرێک نوێن وپێخەف لە تەک خۆتاندا بهێنن ، چون میوان زۆرە و نوێن و پێخەف کەمە .

بەهیوای ئەوەی کە هەرچی زووتر بتان بینم.

براتان ـ کاکە مەم

www.iqra.ahlamontada.com

٣٠ – وەڵامی دەعوەتنامەی برا بۆ برا

بەناوی یەزدانی دڵۆڤان

١٣٧١/٨/١٠

برای زۆر خۆشەویستم کاکە مەم

لەگەڵ ڕێزو سڵاو، نامەی ١٣٧١/٨/٥ گەیشت. زۆر سپاس لەوەی کە بۆ شایی شەرمین بانگت کردووین. هەم خۆم، هەم براژنت، هەم منداڵەکان دۆعات دەگەیێنین و دۆعای براژنیش دەگەیێنین و چاوی منداڵەکان ماچ دەکەین.

بەسەر ئەو چاوانەم، سێ ڕۆژ لە پێشدا، واتە، لە ڕۆژی ١٣٧١/٨/١٧ دا دێین و نوێن و پێخەفیش دەهێنین. ئەگەر حاجەت و حوجەتیشتان دەوێ، بە تێلیفۆن پێم بڵێن، تا بۆتان بهێنم. قەرار وایە بە ماشینی خۆمان بێین، لەبەر ئەمە، هیچ موشکوڵ بۆهێنانی شتەکان نیە.

بە ئاواتی بەختەوەری شەرمین وسڵامەتی هەمووتان.

براتان – دڵپاک

www.iqra.ahlamontada.com



شەجەرەی زمانی کوردی

www.iqra.ahlamontada.com

بەشی ٤ کورتە باسێک سەبارەت بە زمانی کوردی

هەروەک لە شەجەرەی زمانی کوردی بۆمان دەر ـ دەکەوێ ، زمانی کوردی یەکێکە لە زمانەکانی هیندو ئوروپایی . دیارە ڕیشەی تەواوی زمانەکانی جیهان زمانی ئینسانیە، واتە قسە کردن بە هۆی زمان (زمانی نێودەم).

لەپاشان کە چەشنە کۆمەڵگەلێکی ئینسانی دروست بوون، زمانی ئاریایی بە گوێرەی لقێک لە زمانەکان ناسرا ، کە ئەویش لە زمانی ئینسانی جوێ بووەوە و رەگاژوی کرد .

لەزمانی ئاریایی چوار زمانی سەرەکی جوێ بونەوە ، کە ئەمانە بوون:

١ ـ زمانی مادی
٢ ـ زمانی پارسی قەدیم
٣ ـ زمانی هیندی
٤ ـ زمانی ئوروپایی

ئ ـ زمانی مادی بریەتی بوو لە کوردی تازە، کە ئەویش ئەم زاراوانەی بوو:

١ ـ لۆلۆ
٢ ـ زازا
٣ ـ کرمانجی (بادینی)
٤ ـ سۆرانی (زمانی ستانداری کوردی)
٥ ـ لوڕی

www.iqra.ahlamontada.com

٦ ـ کەلوڕی
٧ ـ گیلی
٨ ـ لەکی
٩ ـ هەورامی

ب ـ لەزمانی پارسی قەدیم ، ئەم زمانانە جوێ بوونەوە:
١ ـ فارسی تازە
٢ ـ پەهلەوی
٣ ـ دەری
٤ ـ زابلی (زابولی)
٥ ـ سگزی
٦ ـ سغدی
٧ ـ هێرەوی
٨ ـ پەشتو.

ج ـ لە زمانی هیندی ئەم زمانانە جوێ بوونەوە:
١ ـ پالی
٢ ـ ئاسامی
٣ ـ مەهاڕاتی
٤ ـ کەجەڕاتی
٥ ـ سینغالی
٦ ـ ئۆردو
(کە ئەو شەش زمانەی سەرەوە، لە زمانی بەنگالی جوێ بوونەتەوە). یانی بەنگالیش خوێ لقێک لە زمانی هیندی ـ بوو.

www.iqra.ahlamontada.com

د ـ لە زمانی ئورووپایی، ئەم زمانانە و چەند زمانی دیکەش جویّ بوونەوە:

١ ـ فەڕانسە
٢ ـ ئینگلیسی
٣ ـ ئەلمانی
٤ ـ ڕووسی
٥ ـ لاتین
٦ ـ ئیتالیایی
٧ ـ ئیسپانیایی
٨ ـ پورتەقاڵی
٩ ـ فلامیش
١٠ ـ چەک
١١ ـ سویّدی
١٢ ـ نۆرویّژی
١٣ ـ دانمارکی
١٤ ـ لیّهستانی
١٥ ـ ڕۆمانی
١٦ ـ بوڵغاری
١٧ ـ مەجاڕی
١٨ ـ یۆنانی
١٩ ـ چەند وردە زمانی دیکەش.

ئیّستا بۆ ئیسباتی ئەم مەبەستە، کە ئەم زمانانە هەموویان لە زمانیّکەوە جویّ بوونەتەوە، واتە لە زمانی (ئاریایی)، وشەی (نا) لە نەزەر دەگرین، کە بزانین

www.iqra.ahlamontada.com

بەو زمانانە چی پێ دەڵێن :

١- کوردی : نا
٢ - فارسی: نە
٣ - ئەلمانی : ناین
٤ - ئینگلیسی : نەو
٥ - فەڕانسە : نێ
٦ - ڕووسی : نێت
٧ - ئیتالیایی : نۆن
٨ - ئۆردو : نە
٩ - دەری : نە
١٠- پەهلەوی: نە
١١- هیندی : نەهی

جا لە سەرەوەوە بۆمان دەرکەوت کە چەندێک لەیەک نزیکن ، چون هەوەڵ پیتی هامووبان هەر پیتی " نْ"ەو ئەمە بۆخۆی بەڵگەی نزیکی هەرە زۆری ئەم زمانانەیە لەیەک، بۆیەک بەم زمانانە وبەم گەلانە دەلێن هیندو ئوروپایی .

خوێندەواری خۆشەویست! بە هیوای ئەوەی کە ئەم کتێبە جێگەی کەڵک و سوودبێ، تکام وایە هەر تیبنی یەکتان سەبارەت بەم کتێبە هەیە ، بە ناونیشانی تهران - صندوق پستی ١٥٨٧٥/١١٣٧ - حسن صلاح (سۆران) ، بۆ منی بەڕێ بکەن تا کەڵک لە بیرو ڕای ئێوەی خۆشەویست وەرگرم.

تاران - ١٣٧١ هەتاوی

حسن صلاح (سۆران)

www.iqra.ahlamontada.com

باوەكوو مانای برێك لە وشە گرانەكانم لە دەقی كتێبەكەدا، لە نێو پارانتێزدا، نووسیووە، ئێستا لێرەدا، فەرهەنگۆكی وشەكانتان پێشكەش دەكەم :

ئارخایەن = دڵنیا
ئاسۆ = ئوفوق
بەشداری = شیركەت
بایەخ = ئەرزش
باكالۆریا = لیسانس
بەیەكجاری = بۆهەمیشە
بەسەر خۆمیەوەنا هێڵم = قەرەبوی دكەمەوە
بێ وەی = بێ مەلال
پەژارە = غەم
پیت = حەرف
پیت = بەرەكەت
پسپۆر = شارەزا
پۆل = كلاس
تێز = پایان نامە
تایبەتمەندی = خسوسیات
تۆپی پێ = فوتباڵ
تۆپی قەرتاڵە = باسكێتباڵ
جیازی = جەهیزیە
جل = لیباس
جگە = غەیری

چاوەڕوانی = ئینتیزار
حاجەت و حوجەت = زەرف و زروف
خوێندكار = دانشجو
خەرمانان = شەهریوەر
خۆزگە = بریا
دەرس وێژ = مودەرریس
دڵۆپە = چككە
دەستگیران = نامزەد
دڵۆڤان = میهرەبان
ڕەگاژۆ = ڕیشە هاویشتن
ڕاهاتن = داهاتن
زانستگە = دانشگاە
زەماوەن = شایی
سەرەكی = ئەساسی
سێمینار = جەلەسەی عیلمی
سەمپۆزیوم = كوبوونەوەی حرفەیی
سەردار = سەردار عەزیزخان
شەختە = سەرمای سەخت
قەی ناكا = ئیشكالی نیە
كەلەوا = خانوی كۆن یا ڕووخاو
كان = تەرك = مەعدەن

www.iqra.ahlamontada.com

کەڵەشێر	= کەڵەباب = خوروس
کێ بەرکێ	= موسابەقە
کۆسپ	= گرفتاری
گلێنکە	= مەردومەک
گوێزانەوە	= عەروسی کردن
لیوا	= ئوستان
لێ گێڕانەوە	= دەعوەت
لەش	= بەدەن
م . س	= فەوقی لیسانس
مووچە	= حوقوق
مەڵبەند	= مەنتەقە
میری مەزن	= قادری موتەعال
نەکەرۆز	= کێویکە لای سەقز
نوێن	= لێفەوبان
ناونیشان	= ئادرێس
ناخ	= تەرک . بێخ
وچان	= تەعتیل
هاوژین	= هاوسەر
یانە	= ئیدارە

www.iqra.ahlamontada.com

ناوەرۆک

ئ ـ سەرەتا
ب ـ بەشی (١) خاڵبەندی
پ ـ بەشی (٢) ئەلف وبێی کوردی ٧
ت ـ بەشی (٣) ئولگوی نامەکان ٩

١ ـ نامەی مامۆستا بۆ قوتابی ٩
٢ ـ وەڵامی قوتابی بۆ ماموستا ١٠
٣ ـ نامەی قوتابی بۆ مامۆستا ١١
٤ ـ وەڵامی مامۆستا بۆ قوتابی ١٢
٥ ـ نامەی دایک بۆ کوڕ ١٣
٦ ـ وەڵامی نامەی کوڕ بۆ دایک ١٤
٧ ـ نامەی کوڕ بۆ دایک ١٥
٨ ـ وەڵامی دایک بۆ کوڕ ١٦
٩ ـ نامەی هاوڵێ پیاو بۆ هاوڵی پیاو ١٧
١٠ ـ وەڵامی هاوڵێ پیاو وبۆ هاوڵی پیاو ١٨
١١ ـ نامەی هاوڵی کچ بۆ هاوڵی کچ ١٩
١٢ ـ وەڵامی نامەی هاوڵی کچ بۆ هاوڵی کچ ٢٠
١٣ ـ نامەی ژن بۆ مێرد ٢٢
١٤ ـ وەڵامی نامەی مێرد بۆژن ٢٣
١٥ ـ نامەی جیران بۆ جیران ٢٤
١٦ ـ وەڵامی نامەی جیران بۆ جیران ٢٥
١٧ ـ نامەی دەستگیران بۆ دەستگیران ٢٦
١٨ ـ وەڵامی نامەی دەستگیران بۆ دەستگیران
١٩ ـ نامەی هاوڵی کوڕ بۆ هاوڵی کوڕ

www.iqra.ahlamontada.com

٢٠ ـ وەڵامی نامەی هاوڵی کوڕ بۆ هاوڵی کوڕ ٣٠
٢١ ـ نامەیقوتابی کوڕ بۆ قوتابی کوڕ ٣١
٢٢ ـ وەڵامی قوتابی کوڕ بۆ قوتابی کوڕ ٣٢
٢٣ ـ نامەی کچ بۆ باب ٣٣
٢٤ ـ وەڵامی نامەی باب بۆ کچ ٣٤
٢٥ ـ نامەی وەرزشکار بۆ وەرزشکار ٣٥
٢٦ ـ وەڵامی نامەی وەرزشکار بۆ وەرزشکار ٣٦
٢٧ ـ نامەی خوشک بۆ برا ٣٧
٢٨ ـ وەڵامی نامەی برا بۆ خوشک ٣٨
٢٩ ـ دەعوەتنامەی برا بۆ برا ٣٩
٣٠ ـ وەڵامی دەعوەتنامەی برا بۆ برا ٤٠
شەجەرەی زمانی کوردی ٤١

ج ـ بەشی(٤) کورتە باسێک سەبارەت بەزمانی کوردی ٤٢
فەرهەنگۆک ٤٦
ناوەڕۆک ٤٨

www.iqra.ahlamontada.com

ئەم کتێبانەی نووسەر بەم زوانە دەردەچن :

١ ـ کتێبی " هەڵبژاردە" (کومەڵەشێعرێک) ،بەکوردی
٢ ـ جەلدی ٢ ی کتێبخانەی سۆران (بیبلیۆگرافی کوردی) ، بە کوردی .
٣ ـ یاسای هەتاو ، کە ڕۆمانێکی کوردیە
٤ ـ ناوی کوردی ، بریەتیە لە ناوگەلی کوڕ وکچ بە کوردی.

www.iqra.ahlamontada.com